هەرشکرایە سەر بارەگای کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان لە هەولێر و قوربانی هەیە

دوای نیوەڕۆی ئەمڕۆ دووشەممە (18ـی ئەیلولی 2023)، لە شاری هەولێر هەرشکرایە سەر بارەگای کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان (کۆنکە) و تەقەی لە ئەندامێکی کۆنکە کرا و دەستبەجێ گیانی لەدەستدا.

بەپێی زانیارییە میدیاکانی نزیک کۆنکە، "نزیک کاتژمێر دووی دوانیوەڕۆی ئەمڕۆ لە شاری هەولێر کەسێکی نەناسراو هەرشی کردە سەر بارەگای کۆنکە و ئەندامێکی کۆنکە بەناوی (دەنیز هەڤی) بەهۆی سێختی برینەکەیەوە گیانی لەدەستدا و کەسێکە هەڵهاتووە.

شکوروا حەمەد ئەمین ئەندامی کۆنکە بە میدیای ڤژنیوزی وت: نیوەڕۆی ئەمڕۆ تەنیا هەڤاڵ دەنیز هەڤی لە بارەگا بووە، کەسێکی نەناسراوو چووەتە ژوورەوەو لەلای دەرگای بارەگاکە تیرەری کردوە و هەڵهاتووە، وتیشی: دوای ڕووداوەکە هێزە ئەمنییەکان چوونەتە بارەگاکەی کۆنکە و بارەگاکەیان داخستووەو تەرمی قوربانیەکەیان گواستووەتە بە پزیشکی دادوەری و لەئێستادا هێزە ئەمنییەکان سەرقاڵی لێکۆڵینەوەن.